چوارینەکانی مامۆستا عومەر سوڵتانی "وفا"

ماڵپەڕی ڕۆژهەڵات - بۆکان

www.rojhalat.de - www.bokan.de

(١) نەهاتی، بۆ گوتت دێم و نەهاتی؟
نەهاتی بۆیە گرتوومی نەهاتی
بهاتبایەی گوڵم هاتت دەهێنا
چ خۆشە هات، بە نەحلەت بێ نەهاتی!

(٢) گوتم کەمتر لە جەرگم بەردە بۆسۆ
گوتی مەتڵەب؟ گوتم ماچێک؟ گوتی بۆ؟
گوتم ئاخر ئەوا مردم لە دووریت
گوتی مردن لەکوێ ئاوایە؟ لاچۆ!

(٣) بە ترپەی پێیەوە خشپەی گەڵا هات
کە لێم دوور کەوتەوە هەور و هەڵا هات
بە دووی کەوتم بڵێم بەربانگە؟ بۆکوێ؟
کەچی نەمگرتەوە و دەنگی سەڵا هات

(٤) کچێکی نەرم و نۆڵ و مەززەداری
لە جوانیدا وەکوو دەنکی هەناری
بە مەمکانت بڵێ پەنجێرە داخەن
کە فێری بەی ڕنین، خەڵکی شاری!

(٥) به لەچکەت بێژە ئاگری لێ دەبارێ
له کوڵمەت عارەقی گوڵ دێتە خوارێ
بە دەسماڵت بڵێ "با" دەست بزێوە
بچێ، ئەو بسکە زەردانەی وەشارێ!

(٦) دوو چاوانت دەڵێی دەریایە، شینە
پەڕی کوڵمەت وەکوو پشکۆ بەتینە
بە تیرێکی موژەت بمپێکە، ئەمما
بە ماچێ بۆم دەوا کە ئەو برینە!

(٧) چ خۆشە تیشکی کوڵمەت تاوی من بێ
چ خۆشە بانگەوازت ناوی من بێ
چ خۆشە ماچێ لەو دوو لێوە ئاڵەت
لە کاتی توونیەتیدا، ئاوی من بێ

(٨) خەیاڵم ڕادەژێنن چاوی مەستت!
دەبزوێنن وشەی دڵ، هەستی خەستت
شەوانە کاتێ نامەت بۆ دەنووسم
لە پەنجەی با دەئاڵێ بۆنی دەستت

(٩) به له‌چكه‌ت بێژە ئەگریجەی وەلادا
خەم و دەرد و پەژارەی من بە با دا
بە ئامێزت کە ڕووباری ئەوینە
بڵێ ڕەحمی هەبێ، ئەمنیش پەنا دا

(١٠) خەیاڵم ڕادەژێنن، چاوی کاڵت!
گڕ و تینم وە بەر دێنن، خەیاڵت
بە ئاواتی بە ناحەق کوژراوم
لە قەبریشدا وەدی دێنم جەماڵت

(١١) پەڕی زولفت وەدەرخە، مەقنە لادە!
هەموو درد و خەم و کۆسپم بە با دە
بە واژەی دارڕژاوی لێوی ئاڵت
لە سوجدەشدا هەمیشە تۆم لە یادە

(١٢) لە سووچی لەچکەوە، هەنیەی دیارە
گەزیزە و شەونم و شەوبۆ، بە بارە
چ خۆش بوو شانەیەک بایەم لە سەریا
کە دابێنم قژی ئەو تازە یارە

(١٣) دڵم وەک ڕوومەتی سوورت بەتینە
لەشم وەک تیری چاوت ئاگرینە
ئەگەرچی هەروەکوو بووت دەتپەرەستم
کەچی ئەو چاوە بازەت لێم بە قینە

(١٤) بە میوانم بن ئەو دوو چاوە جوانەت!
بە ئامێزم بن ئەو جووتە مەمانەت
بەسە! چێژی فیراقم پێ مەچێژە
وە بەر تیرم دە بەو ئەبرۆ کەوانەت

(١٥) گوتی پردێکی هەڵبەستین و بەستم
گوتی مەمکۆلەکانم بمژە، گەستم!
لە لێوی ناسکی ماچێکی دامێ...
کە یەک ساڵە لەبەر ئەو ماچە مەستم

(١٦) گوتم ئەی مامزی باغی مەبەستم
هەتا ماوم لە دونیا دەتپەرەستم
بزێکی هاتە سەر لێو و بە عاستەم
سەری هێنایە پێشێ، لێوی گەستم

(١٧) گوڵی شەوبۆ ئەدی شەو، بۆنی نایە
شەمی تاسە ئەسیری دەستی بایە
شەمامە و شەش پەڕ و شللێرە، سیسن
خودا ئەی بۆ بەهاری ئێمە نایە؟

(١٨) لە دەرکەیدا گوتم کێیە؟ گوتی گوڵ
گوتم کێ واوەتی هێنا؟ گوتی دڵ
گوتم بەینێکە لێم ناپرسی؟ فەرمووی
سەعاتێ دڵ لە یادت نەبووە غافڵ

(١٩) گوتم لەیلم، دەڵێن گۆڕاوە مەیلت!
گوتی باوەڕ مەکە، ناگۆڕێ لەیلت
گوتم ئاسۆی دڵم تاریکە، فەرمووی
مەترسە، ڕوونە ئەستێرەی سیوەیلت

(٢٠) گوتم ئەی خاوەنی هەست و گڕ و تین
وەرە با عەهد و پەیمانێ ببەستین
گوتی بەو شەرتە تا ئەو ڕۆژە دەمرین
لە سەر ئەو شەرتە هەر وا ڕابوەستین

(٢١) گوتم ئەی نۆ گوڵی باغی خەیاڵم!
گوڵاڵە و نێرگزی ساڵانی ساڵم
وەرە بەو پەنجە نەرم و ناسکانەت
دەوا کە دەردەکەم دەردت لە ماڵم!

(٢٢) گوتم شەرتە هەتا ئەو ڕۆژە دەمرم
وەکوو مەم غەیری تۆ، دڵداریٚ نەگرم
گوتی ئەمنیش بە بێ تۆ شەرتە وەک زین
هەموو ئاواتەکانم بەرمە قەبرم

(٢٣) گوتت دێم و نەهاتی ئەی گوڵی من
لەمەش زیاتر نەهاتیی سونبوڵی من؟
لەلای خۆی تۆ کچی کوردی و کچی کورد
دەڵێن هەرگیز درۆ ناکا، دڵی من!

(٢٤) گوتم چاوی خومارت دڵتەزێنە
پەڕی کوڵمەت وەکوو گوڵ دڵڕفێنە
گوتی مەستت دەکا، عەتری مەمانم
ئەگەر ڕۆژێکی دەر بێ لەو کەلێنە

(٢٥) گوتم چۆمی نیگاهت چەند بەرینە
گوتی تاسەی ئەوینیشم بە تینە
گوتم ئەمشەو درەنگێ دێمە ژوانێ
گوتی نا نا، کەژاوەم ئاگرینە

(٢٦) لەمێژە دیلی دەستی چاو ڕەشێکم
لە زیندانی ئەوینیدا بەشێکم
کە شەو دادێ منی بێچارە تا ڕۆژ
بە ئاواتی بەهەشتی باوەشێکم

(٢٧) بە ئیمانم، بە ئاواتم، بە دینم
بە فرمێسکم، بە جەرگی پڕ برینم
بە خوێنی ڕۆشنی هەڵبەستەکانم
خەمی تۆ ئاگری بەردا لە ژینم

(٢٨) ئەوەندەی دڵ دەڵێ، تۆ دڵڕفێنی
ئەوەندەی چاو ئەبینێ، خەمڕەوێنی
بە حاڵێ لەچکەکەت لادە، گڕم گرت
چ جوانە کوڵمە بۆ ماچی نهێنی

(۲۹) به مەرگی تۆ لە عەشقت مەستی مەستم
بەسە تەفرە عەزیزی دوورە دەستم
ئەگەر تەفرەت بدەم ڕەببی لە ناکاو
پشووم لێ ببڕی، گڕ بەر بێ لە هەستم

(۳۰) پەڕی کوڵمەت گوڵم چەند دڵڕفێنە
لەرەی سنگت کەسم چەند خەمڕەوێنە
کچێنەی شەوکە دەدرێ چەندە جوانە
ئەوەندەش باوەشت، عیللەتپەڕێنە

(۳۱) وەکوو کۆتر گوڵم کەوتوومە داوت
لە عەرزی دام شنەی بای بسکی خاوت
وەرە لێوم بە لێوت بمژە تاوێ
کە سەرخۆش بم لە بادەی جامی چاوت

(۳۲) دوو چاوانت دەڵێی دەریایە ئەی گۆڵ!
دەڵێی بازێکی بێ پەروایە ئەی گوڵ!
بەهار و پاییز و زستان و هاوین
لە سەر حاڵێکە هەر ئاوایە ئەی گوڵ

(٣٣) پەڕی زولفت وەکوو ڕەشماری گیانە
ڕفەی چاوت، پلیکانی ژیانە
ئەگەرچی ناسکە، تاڵی مژۆڵت
کەچی بۆ من وەکوو تیغی دەبانە

(٣٤) لە درەکوبانی ماڵت پاسەوانم
لەنێو باغی قژتدا باغەوانم
ئەتۆ شیرینەکەی قەسری خودایی
ئەمن فەرهادی بێ ناوونیشانم

(٣٥) بە بۆنەی تۆوەیە هاتوومە ئێرە
دەنا چاوم لەمێژە لێرە تێرە
وەرە ئەی شاسواری شاری جوانی
بە تاقە ماچێ میوانم کە خێرە

(٣٦) بە بۆنەی تۆوە بۆنی دێ هەڵاڵە
بە بۆنی تۆوە بۆنخۆشە گوڵاڵە
بە بۆنی تۆوەیە شەیدایە نێرگز
بە بێ تۆ بوون و بۆنی گوڵ بەتاڵە

(٣٧) له چوارینه دەچێ، ئەو لێوە ئاڵەت
له شیعری نوێ دەچێ ئەو وردە خاڵەت
نیگاهت وەک غەزەل وایە، دەپێکێ
ئەوینداران و دڵ دێنێتە حاڵەت

(٣٨) ئەتۆ شابسکی شیعر و پێکەنینی
ئەتۆ چەپکەی بزە و ئاهەنگی ژینی
ئەتۆ باغی هەزار ئاوازی هیوای
گزنگی شەونم و لوتکەی ئەوینی

(٣٩) ئەمن گۆڕی خەم و هاڵاوی شینم
ئەمن هەوری تەم و کڵپەی برینم
ئەمن جۆگەی هەنیسک و چۆمی تاسەم
پەژارەم، مەینەتم، تەرمی ئەوینم

(٤٠) بە باوە خۆم دەبەستم دێمە ماڵت
لە خەودا کەمکەمە، دەخزێمە پاڵت
بە هاورێشمی قژت جۆماڵ ئەکەم دڵ
وەکوو تامەزرۆ ئەمژم لێوی ئاڵت

(٤١) بەڵێنی دا شەوێکی بێتە ژوانێ
لەسەر دیدەم بە نەرمی پێیە دانێ
بە برژانگم بڕووشێنی بەری پێی
ئەویش وەک من، فەنا ئەندەر فەنا بێ

(٤٢) بڵێی کەی سەر کەمە سەر ئەو سەرینەت
بەبێ هەست بێمە سەر ئەو جێ و سەرینەت
ئەگەر هات و بە لێوم لێوتم گەست
بە ماچێکی دەوا کەم ئەو برینەت

(٤٣) بەهارە سەردەمی هەور و هەڵایە
دەمی هاژەی چەم و ئاهەنگی بایە
شنەی سروە، هەناسەی شیعری پێیە
خەیاڵم هۆگری چاوی گەڵایە

(٤٤) دڵی کەیلم شەڵاڵی یادی یارە
بەرەو شاری وەنەوشە، بێقەرارە
هەناسەی نێرگز و لەنجەی گەزیزە
دەڵێن زستانی خەم ڕۆیی، بەهارە

(٤٥) لە گەرمێن و لە کوێستان و لەسەر ڕێ
لە شارستان و دارستان و لادێ
تەنانەت کاتێ شەوبۆ دێتە خەملین
بە تەنیا بۆنی عەتری، خۆشی تۆ دێ

(٤٦) هەناسەت هەر وەکوو ئاوی حەیاتە
بزەی لێوت وەکوو نوقڵ و نەباتە
ئەوە تۆ چی، گڕی یا نە تەلیسمی؟
کە ڕۆژ و شەو دڵی من هەر لە لاتە

(٤٧) بڵێی خەندەت لەسەر لێوم سەما کا؟
بڵێی زولفت، پەژارەی من بە با کا؟
وەرە تۆ ئەو خودایەی دەیپەرەستی
هەناسەت بێنە با دەردم دەوا کا!

(٤٨) خودا ئەو گەردنە کێلە، چ جوانە!
چ توند و تۆڵن ئەو جووتە مەمانە
چ خۆشە توانەوە لەو باوەشەیدا
کە ئاسۆگی دڵ و باغی ژیانە

(٤٩) ئیجازەم پێ بدە شەو بێمەماڵت
گڕوگاڵێ بکەم بۆ وردە خاڵت
سەرم دانێمە سەر ڕانت هەتا ڕۆژ
گرێ دەم دانەدانە زولفی کاڵت

(٥٠) نیگاهت جەرگی لەتلەت کردم ئەی داد!
ئەسیری ژانی کردم داد و بێداد!
ئەوەی دەرد و خەمە، دەمدەیتێ ئەمما
بە تەنیا یەک بزە، ناکەی دڵم شاد!

(٥١) پەپوولەی شەو وەکوو قەقنەس دەسووتێ
گوڵە فرمێسکە هەر دێ و خۆش ئەکا جێ
چ خۆش دەکرێتەوە قفڵی دڵی من
بە چاوپێکەوتنی کیژانی لادێ

(٥٢) ئەتۆ چاوی دڵ و عەتری سڵاوی
ئەتۆ شاری بزە و هێزی هەناوی
ئەتۆ بارانی عەشق و بۆنی ژوانی
شەڕابی، شەونمی، هێشوی هەتاوی!

(٥٣) ئەمن تابووتی سنگ و گۆڕی چاوم
ئەمن بەژنی شەو و داوی پساوم....
ئەمن مەرگی بزە و ئەسرینی دەردم...
هەناسەم، دووکەڵم، شووشەی شکاوم!

(٥٤) دەچم بۆ سەیری چەم، هەر تۆ دەبینم
دەچم گوڵ دەستە کەم هەر تۆ دەبینم
لە شاخ و دەشت و بەند و شار و دێ، ڕوو
لە هەر کوێیەک دەکەم، هەر تۆ دەبینم

(٥٥) هەموو دەشت و دەوەن زیندانە بێتۆ
گوڵ و غونچە و چەمەن، بێگیانە بێ تۆ
بە چاوانت قسەم ئەی شاژنی شیعر
خەمی دنیا لە من میوانە بێ تۆ!

(٥٦) بە هاوارم وەرە! بیمارم ئەمشەو
لە کێو و دەشت و دەر بێزارم ئەمشەو
بە قەت ڕووباری خوڕ، سوارە هەناسەم
بە قورسایی تەمەن خەمبارم ئەمشەو

(٥٧) شەوانی شەنبە چەند ناخۆشە شاری
کڕ و بێدەنگ و بێ کرنۆشە شاری
نە بۆنی گوڵ، نە عەتری شۆڕە لاوێ
لە کۆڕی خەم دەچێ، ناخۆشە شاری

(٥٨) گرێپووچکەی خەمم، زووخاوی مەرگم
پلیکانی شەوم، هەنگاوی مەرگم
برووسکەی قین و دەشتی شۆرەکاتم
هەناسەی گەرمەشینم، داوی مەرگم

(٥٩) بە قووڵایی خەفەت دەردم گرانە
بە قورسایی تەمەن، جەرگم لە ژانە
نیشانەی یەککەمم قولپەی هەناسە،
هەنیسکم یەک لە دووی یەک، سەد نیشانە!

(٦٠) خەم و دەرد و خەفەت گرتوویە شانم
پەژارە بۆتە یار و هاوزمانم
دڵی تەنگ و زنەی دیدە و کزەی با
بە جارێ خورپەیان خستۆتە گیانم

(٦١)   بەری ڕووناکی بگری، تەم وەدی دێ
پەژارە و مەینەت و وەرهەم وەدی دێ
بریتی ماچ و خەونی کاڵ و ئەسرین
ئەگەر دەستدەن بە دەست یەک، خەم وەدی دێ

(٦٢)   گوتم ئەی سێوە سوورەی باغی ژینم
وەنەوشە و سوێسنی دەشتی ئەوینم
وەها پێکاومی تیری نیگاهت
شکاوە تازە باڵی هەڵفڕنیم

(٦٣)   گوتم دا بێ بە ئامێزم بە، تاوێ!
گوتی کوا هاودەمن، پیرێک و لاوێ
گوتم ئاواتی ماچێکت منی کوشت
گوتی ناگەیتێ هەرگیز، بیری ناوێ

(٦٤)   گوتی دەردی ئەوینم دڵ تەزێنە
گوتم ئەو دەردە بۆ شیعرم هەوێنە
گوتی تیری موژەم عاشق دەپێکێ
گوتم چەند خۆشە بای ئەو باوەشێنە

(٦٥) ئەتۆ پەرژینی باغ و دەشتی تاسەی!
ئەتۆ بۆنی بزە و عەتری هەناسەی
ئەتۆ خەرمانی عەشق و مۆمی یادی
گوڵی بەندی دڵی، کەوباڕی خاسەی

(٦٦) ئەمن خەندەی شەو و گۆڕی خەیاڵم
ئەمن ڕووباری لێڵ و خەونی کاڵم
ئەمن هەڵدێری ژان و شەونخوونیم
خەمم، دەردم، پەژارەی دوورەساڵم

(٦٧) شەکەت ماوم لە هەورازی خەمتدا
کەسەر ماوم لە داوی پەرچەمتدا
گوڵم هێندەت لەدوو وێڵم، دەترسم
شەوێک وون بم لە کووچەی پەرچەمتدا

(٦٨) لە گێژاوی خەمتدا بێ قەرارم!
لە داوی پەرچەمتدا، دەردەدارم
ئەگەرچی مەستی ڕووباری نیگاتم
لە پێناوی خەیاڵتدا خومارم

(٦٩) گزنگی پێکەنینت دڵرفێنە
چڵی ئاوازی یادت خەمڕەوێنە
ئەگەرچی کوشتمی دەردی ئەوینت،
بەڵام ئەو دەردە بۆ شیعرم هەوێنە

(٧٠) لەژێر ئەگریجەدا مردن چ خۆشە!
پەنا بۆ خاڵ و خەت بردن چ خۆشە!
گوشینی زەردە مەم، دەرمانی دەردە
لە باوەشدا مەلێ کردن چ خۆشە!

(٧١) بە خشپەی پێ، ئەمن مەتلێنەوە تۆ
لە سەر تۆقی سەرم مەخولێنەوە تۆ
بە بۆنی سنگ و مەمک و عەتری کەزیە
برینی کۆنی من، مەکولێنەوە تۆ!

(٧٢) چەنەم پێخۆشە یار و هاودەمم بی
چەنەم پێخۆشە گوڵخونچەی دەمم بی
بە ڕۆژا حاڵ و ئەحواڵم بپرسی
لە تاریکی شەوانەشدا شەمم بی

(٧٣) ئەمن "لۆقا" ئەتۆ عیسای مەریەم!
ئەتۆ شەمزینی بێوێنە و ئەمن شەم
بە تاقە ماچێ لەو دوو کوڵمە سوورەت
خەڵاسم کە لە دەرد و وەرهەم و خەم!